# پلە و پایەی سوننەت لە ئیسلامدا وە تەنها قورئان بەس نیە

نووسینی زانای فەرموودەناسی سەردەم
شێخ ( محمد ناصرالدين الألباني )

وەرگێڕانی
مامۆستا خلیل أحمد

چاپی دووەم

====================================

لە بڵاوکراوەکانی سایتی بەهەشت
www.ba8.org
هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

==========================

**تێبینی** : مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ هەموو موسڵمانێکە بە مەرجێ وەکو خۆی بڵاوی بکاتەوەو دەستکاری نەکرێت

بسم الله الرحمن الرحيم

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ باللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئاتِ أَعْمَالِنا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾ ( آل عمران : ١٠٢ ) .

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾ ( النساء : ١ ) .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾ ( الأحزاب : ٧٠ — ٧١ ) .

أَمَّا بَعْدُ : فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

**دوای ئەوە : بەڕاستی لەو بڕوایەدام ناتوانم شتێکی وا پێشکەش بە ئامادەبوان بکەم کەخۆیان پێشتر نەیزانن ، کەوا بوو ئەوەندەم بەسە لەم قسانەی کە دەمەوێ بیانکەم وەکو بیرخستنەوە و پەیڕەوکردنی ئەم ئایەتە بێ کە خودا دەفەرموێ :** ﴿ وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنفَعُ الْمُؤْمِنِينَ ﴾ ( الذاريات : ٥٥ ) .

**واتە : بخەرەوە یاد و ئامۆژگاری بکە ، جا بەڕاستی ئامۆژگاری سوود بە باوەڕداران دەگەیەنێ .**

**ئەوەی دەمەوێ بیڵێم لەم شەوە پیرۆزەدا لە شەوەکانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز ، ئەوە نیە کە باسی هەندێ لە گەورەیی ئەم مانگە یان حوکمەکانی یان خێر و چاکەی نوێژ و زیندوکردنەوەی شەوەکانی بێت ، وە شتی تر وەکو ئەوانەی کە عادەتی ( واعظ ) و ( مرشد ) ەکانە ، کە سوودی هەبێ بۆ ڕۆژووانان و توشی خێر و بەرەکەت بن پێی ، بەڵکو ئەوەم هەڵبژارد کە وتارەکەم لێکۆڵینەوەیەکی بایەخدار بێت ، ئەوەش پلە و پایەی سوننەتە لە شەریعەتی ئیسلامدا ، چونکە سوننەت یەکێکە لە بنچینەکانی ئیسلام .**

## ئەرکی سوننەت لە گەڵ قورئاندا
## ( وظيفة السنة مع القرآن )

**هەمووتان دەزانن خوای گەورە پێغەمبەری ﷺ هەڵبژاردووە و کردوویە بە پێغەمبەر ، وە پەیامێکی بۆ ئەو ڕەوانە کردووە ، وە کتێبەکەی ( قورئانی پیرۆز ) بۆ دابەزاندووە ، وە تیایدا فەرمانی پێ کردووە . کە ئەم قورئانە ڕوون بکاتەوە ، خوای گەورە دەفەرموێ :** ﴿ بِالْبَيِّنَاتِ وَالزُّبُرِ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ ( النحل : ٤٤ ) .

**واتە : ئێمە ئەم قورئانەمان بۆ تۆ نارد تا ئەوەی بۆ خەڵك هاتوە بۆیان بەیان و ئاشکرا بکەی ، بەڵکو بیربکەنەوە .**

**ئەوەی من دەیبینم ئەو ڕوونکردنەوەی لەم ئایەتە پیروزەدا باسکراوە ، دوو جۆر ڕوونکردنەوە دەگرێتەوە :**

**یەکەم : ڕوونکردنەوەی گۆ ( لفــظ ) و دەقی ئایەتەکان ، واتە : ڕاگەیاندنی قورئان و نەشاردنەوە و گەیاندنی بە خەڵکی بەو شێوەیەی کە خوا دایبەزاندووە بۆ سەر دڵی پێغەمبەر ﷺ ئەمەش مەبەستە لەم ئایەتەدا کە خوا دەفەرموێ :** ﴿ يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ﴾ ( المائدة : ٦٧ ) .

**واتە : ئەی پێغەمبەر ئەوەی لە لایەن پەروەردگارتەوە بۆت دابەزیوە بە خەڵکی ڕابگەیەنە ، ئەگەر وا نەکەی پەیامەکەی ئەوت ڕانەگەیاندووە .**

**خاتوو ( عائشة ) . خوای لێ ڕازی بێ . لە فەرموودەیەکیدا دەفەرموێ : " ومن حدثكم أن محمدا ﷺ كتم شيئا أمر بتبليغـة**

فقد أعظم على الله الفرية ، ثم تلت الآية المذكورة " ( أخرجه الشيخان ) .

واته : هەرکەسی پێی ووتن محمد ﷺ لەوەی فەرمانی پێ کراوە ـ کە ڕایبگەیەنێ . هەندێکی شاردووەتەوە ، و ڕاینەگەیاندوە ئەوا تۆمەتێکی گەورەی بۆ خودا کردووە ، پاشان ئەو ئایەتەی پێشووی خوێندەوە ، وە لە ڕیوایەتی ئیمامی موسلیم دا دەفەرموێ : " لو كان رسول الله كاتما شيئاً أمر بتبليغه ، لكتم قوله تعالى : ﴿ وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَاهُ ﴾ ( الأحزاب : ٣٧ ) " .

واتە : ئەگەر بهاتبایە پێغەمبەر ﷺ شتێکی بشاردایەتەوە ئەوا ئەم ئایەتەیە دەشاردەوە کە دەفەرمێ : ﴿ وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَاهُ ﴾ ( الأحزاب : ٣٧ ) " .

واتە : وەبیێنەوە یادی خوت سەردەمێ کە بەکەسێ کە خوا نیعمەتی پێدابوو تۆیش چاکەت لە گەڵدا کردبوو دەت ووت : خێزانت بۆ خۆت ڕاگرە و لە خوا بترسە ( وە هەمیشە ئەمەت دووپات دەکردەوە ) وە تۆ لە دڵی خۆتدا شتێکت دەشاردەوە کە خوا دیاری دەری ئەوە بوو ، وە لە خەڵك دەترسای کەچی خوا شیاوترە کە لێی بترسی .

**دووەم :** ڕونکردنەوەی واتای ئەو ( لفظ ) و ڕستە و ئایەتانەی کە خەڵکی پێویستیان بە ڕونکردنەوە و واتاکانیان دەبێ ، وە ئەوانەی زورپێویستیان بە ڕونکردنەوە ببێ ئەو ئایەتانەی کە پێیان دەووترێ ( مجمل ) یان ( عام ) یان ( مطلق ) سوننەت دێت ( مجمل ) ڕوون دەکاتەوە ، و ( عام ) تایبەت دەکات ، و ( مطلق ) دەبەستێتەوە ، هەموو ئەمانە بەگوفتارو کردار و بڕیاری پێغەمبەر ﷺ دەبن .

## پێویست بوون بە سوننەت بۆ تێگەیشتن لە قورئان لە گەڵ چەند نموونەیەکدا

ئایەتی : ﴿ وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُواْ أَيْدِيَهُمَا ﴾ ( المائدة : ٣٨ ) .

واتە : دەستی پیاو و ژنی دز ( لە سزای دزی کردندا ) ببڕن .

ئەم ئایەتە نمونەیەکی چاکە بۆ ئەم مەبەستە چونکە ( السارق ) لەم نموونەیەدا ڕەهایە ( مطلق ) ە وەکو چۆن ( اليد ) ( مطلق ) ە سوننەتی گوفتاری ( السنة القولية ) یەکەمیانی کە ( السارق ) ە بەستوتەوە بەو دزەی کە چواریەکی دینارێکی زێڕ دەدزێت ، وەکو ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ : " لا قطع إلا في ربع دينار فصاعدا " ( أخرجه الشيخان ) ، واتە : دەستی دز نابڕدرێت مەگەر لە چواریەکی دینارێك بەسەرەوە بێت .

هەروەها دووەمیان کە دەست ( اليد ) ە بە کرداری پێغەمبەر ﷺ و کرداری هاوەڵەکانی و ڕازی بوونی لە سەری ڕوون کراوەتەوە ، هاوەڵەکانی پێغەمبەر دەستی دزیان لە مەچەکەوە دەبڕی وەکو لە کتێبی حەدیسدا زانراوە ، هەروەها سوننەتی گوفتاری پێغەمبەر ﷺ دەست ( اليد ) ی لە ئایەتی ( التيمم ) دا ڕوونکردووتەوە بەم فەرمودەیە کە دەفەرموێ : " التيمم ضربة للوجه والكفين " ( أخرجه أحمد والشيخان وغيرهم من حديث عمار بن ياسر ) . خوا لە هەردووکیان ڕازی بێت . واتە : ( تیمم ) بریتیە لەوەی یەکجار دەست بدەی بە زەویدا بۆ ڕوومەت و تەنها هەردوو لەپی دەست .

ئەمەش چەند ئایەتیکی ترە کە ناتوانین لێیان تێ بگەین . تێگەیشتنێکی ڕاست و دروست . وەکو خودا دەیەوی تەنها لە ڕێگەی سوننەتەوە نەبێ :

١ ـ ئایەتی : ﴿ الَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُواْ إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَئِكَ لَهُمُ الأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ ﴾ ( الأنعام : ٨٢ ) ، واتە : ئەوانەی وا باوەڕیان هێنا و ئیمانی خۆیان ئاوێتەی شیرك نەکرد ، ئەمنیەت بۆ ئەوانە ، وە هەر ئەوانیش ڕێنمویی کراوون ، هاوەڵەکانی پێغەمبەر ﷺ واتێگەیشتن ( بظلم ) مەبەست پێی هەموو ستەم وتاوانێکە ، ئەگەر چی بچوکیش بێت ، بۆیە واتای ئایەتەکەیان لی تێکچوو ، وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ئایا کام لە ئێمە ئیمانەکەی تێکەڵ بە ستەم و تاوان

نەكردووە ؟ پێغەمبەر فەرمووی : نەك بەوانە بەڵكو بە شیرك ، ئایا گوێ بیستی قسەكەی ( لقمان ) نەبوونە كە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴾ ( أخرجه الشيخان و غيرهما ) ، واته بە ڕاستی شیرك ستەمێكی گەورە و گرانه .

٢ ـ ئایەتی : ﴿ وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَقْصُرُواْ مِنَ الصَّلاَةِ إِنْ خِفْتُمْ أَن يَفْتِنَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُواْ ﴾ ( النساء : ١٠١ ) ، واته كاتێ كە لە زەویدا سەفەر ئەكەن تاوانتان لەسەر نیە كە نوێژەكەتان كورت بكەنەوە ، ئەگەر ترسان كە كافران تووشی فیتنە و ئاژاوەتان بكەن .

ڕووكەشی ( ظاهر ) ی ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێ كە كورت كردنەوەی نوێژ لە سەفەردا بەستراوە بە بوونی : ( ترس ) بۆیە هەندێك لە هاوەڵان پرسیاریان لە پێغەمبەر ﷺ كرد و ووتیان : " ما بالنا نقصر وقد أمنا ؟ قال : " صدقة تصدق الله بها علـيكم فـاقبلوا صدقته " ( رواه مـسلم ) ، واته : باشە ئیتر بۆ نوێژ كورت بكەینەوە لە كاتێكدا ، لە حاڵەتی ئاسایشدا دەژین ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : بەخشینێكە خوا پێی بە خشیوون ئێوەش ئەو بەخشینەی لێ وەرگرن .

٣ . ئایەتی : ﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالْدَّمُ ﴾ ( المائدة : ٤ ) ، واته : گۆشتی مرداروبوو و خوێنتان لەسەر حەرام كراوە ، سوننەتی گوفتاری ( السنة القوليه ) پێغەمبەر ﷺ ڕوونی كردۆتەوە ، مرداروبووی كوللە وماسی وخوێنی جگەر و سپڵ حەڵاڵن ، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ : " أحلت لنا ميتتان ودمان ، الجراد والحوت والكبد والطحال " ( أخرجه البيهقي وغيره مرفوعا وموقوفا وإسناد الموقوف صحيح وهو فى حكم المرفوع ، لأنه لا يقال من قبل الـرأي ) . واته : دوو مرداروبوو و دووخوێنمان بۆ حەڵاڵ كراوە ، كوللە وماسی بە هەموو جۆرەكانیەوە ، و خوێنی جگەر وسپڵ .

٤ ـ ئایەتی : ﴿ قُل لاَّ أَجِدُ فِي مَا أُوْحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلاَّ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللّهِ بِـهِ ﴾ ( الأنعـام : ١٤٥ ) ، واته : لەوەی وا بۆ من بەوەحی هاتووە هیچ حەرامێك ( بۆ كەسێ كە خۆراكی دەخوا ) شك نابەم ، مەگەر ئەوەی مرداربێ یاخوێنێ بێ كە لە ( لەشی ئاژەڵێك ) بێتە دەرێ ، یا گۆشتی بەراز ، چونكە بە ڕاستی ئەوە پیسە ، یا لە ڕێگای گوناهەوە لە كاتی سەربڕینی ئاژەڵێك ناوی غەیری خوای لە سەر برابێ . پاشان سوننەت چەندەها شتی حەرام كردووە كە لەم ئایەتەدا باس نەكراوون وەكو ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ : " كل ذي ناب من السباع وكل ذي مخلب من الطير حـرام " ( رواه الجماعـة ) ، واته : خواردنی هەموو دڕندەیەكی كەڵپەدار وباڵندەیەكی چڕنوك وچنگدار حەرامە ، وە چەندین فەرموودەی تر لەم بابەتە كە خواردنی ئەمانە قەدەغە دەكات ، وەكو فەرمودەكەی پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژی ( خیبر ) دا فەرمووی : " إن الله ورسوله ينهيانكم عن الحمر الإنسية فإنها رجس " ( أخرجه الـشيخان ) ، واته : بەڕاستی خودا و پێغەمبەر ﷺ خواردنی گۆشتی كەری ماڵیان لە سەر حەرامكردووە ، كەوابوو مەیخۆن چونكە پیسە .

٥ . ئایەتی : ﴿ قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللّهِ الَّتِيَ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالْطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ ﴾ ( الأعـراف : ٣٢ ) ، واته بڵێ چ كەسێ ئەو زینەت و ڕزق وڕۆزیە پاكەی كە خودا لەزەوی دەریهێناوە بۆ بەندەكانی حەرامی كردووە ، سوننەت ڕوونی كردووەتەوە كە هی واهەیە لە ( زينة ) ت حەرامە ، سەلمێنراوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ : " أنه خرج يوما على أصحابه وفي إحدى يديه حريـر وفي الأخرى ذهب فقال : هذا حرام على ذكور أمتي ، حل لإناثها " ( أخرجه الحاكم وصـححه ) ، واته ڕۆژێكیان پێغەمبەر ﷺ دەرچوو بۆ لای هاوەڵەكانی بە دەستێكەوە ئاورێشمی گرتبوو وبەوی تریانەوە زێڕ و فەرمووی : ئائەم دووانە حەرامن بۆ پیاوانی ئوممەتەكەم وە حەڵاڵن بۆ ژنانیان ، وە لە واتای ئەم فەرموودەیەدا فەرموودەی تر زۆرن لە ( صحيحين ) و ئەوانی تر كە زانراون ، وە چەندین نموونەی تر كە زانایانی فەرموودە و فیقە دەیانزانن .

برایان لەوەی كە ڕابورد ئەوەمان بۆ دەردەكەوێ كە سوننەت لە ئیسلامدا چەند گرنگ و بایەخدارە ، ئەگەر چاوێكی تر بگێڕین بەو نمونانەی باسمان كرد بێجگە لەوانەی هەر باس نەكراون ، دڵنیا دەبین كە ناتوانین بەبێ سوننەت لە قورئان تێ بگەین . تێگەیشتنێكی ڕاست و دروست . لە نموونەی یەكەمدا هاوەڵەكان لە ووشەی ( الظلـم ) وا تێگەشتن مەبەست پێی هەموو تاوان وستەمێكە لە كاتێكدا ( ابن مسعود ) لە وەسفیاندا دەفەرموێ : (( هاوەڵان باشترین كەسی

ئەم ئوممەتەن ، دڵی ئەوان لە هەموو دڵەکان چاکترە ، زانستیان لە هەموو کەس قووڵترە ، زۆر لە خۆکردنیان لە هەموو کەس کەمترە )) ، بەڵام لە گەڵ هەموو ئەمانەدا هەڵەبوون لەو تێگەشتنەیان ، ئەگەر بهاتبایە پێغەمبەر ﷺ لەو هەڵەیە ئاگاداری نەکردنایە و ڕێنموونی نەکردایەن بۆ واتا ڕاستەکەی کە مەبەست پێ ی ( شرك ) ە ، ئەوا خۆمان ئێستا شوێن کەوتووی ئەو هەڵەیە دەبووین ، بەڵام خودا خۆمانی پاراست لەو هەڵەیە بە هۆی ئەو ڕێنموونییەی پێغەمبەر ﷺ وە بە هۆی سوننەتەکەیەوە .

وە لە نموونەی دووەمدا ئەگەر ئەو فەرموودەیە نەبوایە کە باسکرا ئەوا هەر بە گومان و دوودڵیەوە دەماینەوە لە کورت کردنەوەی نوێژ لە سەفەردا لە کاتی ئاسایشدا ، ئەگەر ( ترس ) مان بەمەرجێك لە مەرجەکانی کورت کردنەوە حسێب بکردایە ، وەکو لە ڕواڵەتی ئایەتەکەوە وا دەردەکەوێ ، هەروەها وەکو هەندێ لە هاوەڵەکانی یەکەم جار وا تێگەشتن بەڵام کە بینیان پێغەمبەر ﷺ نوێژ کورت دەکاتەوە لە کاتی ئاسایشدا ئەوانیش لەگەل ئەودا کورتیان کردەوە .

وە لە نموونەی سێیەمدا ئەگەر فەرموودەکە نەبوایە ئەوا چەندین شتی حەڵاڵمان حەرام دەکرد کە خۆی بۆمان حەلاڵ کراوە . وەکو ( کولله و ماسی و جگەر و سپڵ ) .

وە لە نموونەی چوارەمدا : ئەگەر ئەو فەرموودانەی کە هەندێکمان باس کرد نەبوونایە ئەوا ئەوانەی خودا حەرامی کردووە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەیەوە حەلاڵمان دەکرد وەکو ( گیانلەبەرە دڕندەکان و پەلەوەرە خاوەن چنگەکان ) .

هەروەها نموونەی پێنجەم ئەگەر ئەو حەدیسانە نەبوونایە کە لەوێدا باسکران ، ئەوا زێڕ و ئاورێشم کە خودا لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەیەوە حەرامی کردووە بە حەلاڵمان دەزانی ، بۆیە لەبەر ئەمانە هەندێ لە پێشینان وتوویانە : سوننەت حاکمی قورئانە .

## گومڕایی ئەوانە دەڵێن تەنها قورئانمان بەسە و پێویستیمان بە سوننەت نیە

بەداخەوە دەبینین هەندێ لە ڕاڤەکار ( مفـــسر ) ەکان وە نوسەرانی ئەم زەمانە ڕایان وایە خواردنی گیانلەبەرە دڕندەکان و پۆشینی زێڕ و ئاوریشم ڕەوایە !! وە پاڵپشتیان لەو حەلاڵ کردنەدا تەنها قورئانە ، بەڵکو لەم ڕۆژگارەدا تاقمێك پەیدابوون کە بە ( القرآنيون ) ناو دەبرێن !! واتە : قورئانیەکان ، بە ئارەزوو عەقڵی خۆیان تەفسیری قورئان دەکەن بەبێ بەکارهێنانی سوننەتی ( صـــحيح )ی پێغەمبەر ﷺ بەڵکو تەنانەت سوننەت لای ئەوانە شوێن کەوتەی ئارەزووەکانیانە ، ئەوەی گونجاوبێ بۆیان وەری دەگرن و ئەوەی نەگونجێ لە گەڵیاندا فڕیێ ی دەدەن و دەیخەنە پشتیانەوە !!! هەروەك پێغەمبەر ﷺ لەم حەدیسە ( صحيح ) ەدا ئاماژەی بۆ ئەم تاقمە کردبێ کە دەفەرموێ :" لا ألفـين أحدكم متكئا على أريكته يأتيه الأمر من أمري مما أمرت به ، أو نهيت عنه ، فيقول لا أدرى ما وجدنا في كتـاب الله اتبعنـاه " ( رواه الترمذي ) ، وفي رواية لغيره " ما وجدنا فيه حراما حرمناه ، ألا وإني أوتيت القرآن و مثله معه " وفي أخرى : " ألا إن ما حرم رسول الله مثل ما حرم الله " .

واتە : نەبینم کەستان پاڵ بداتەوە و ڕابکشێ لەسەر جێگەکەی و شتێك لە وانەی من فەرمانم پێکردووە یان ئەوانەی قەدەغەم کردووە دێتە بەردەستی ، جا دەڵێ من نازانم تەنها ئەوەی لە قورئاندا هەبێ پەیڕەوی دەکەم ( الترمـذي ) ڕیوایەتی کردووە ، وە لە ڕیوایەتێکی تردا کە جگە لەو ڕیوایەتی کردووە دەفەرمووێ : ئەوەی ببینین لە قورئاندا حەرام کرابێ بە حەرامی دەزانین ، جا ئاگاداربن بەڕاستی قورئانم بۆ هاتووە و لە گەڵ ئەو قورئانەدا سوننەتم بۆ هاتووە کە وەك قورئان وایە ، وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : ئاگاداربن ئەوانەی پێغەمبەری خوا ﷺ حەرامی کردبێ وەك ئەوانە وایە کە خودا حەرامی کردبێ .

بەڵکو بەداخەوە نوسەرێکی چاك لە نوسەران کتێبێکی نوسیوە لە باسی شەریعەت و بیروباوەڕی ئیسلامی لە پێشەکی کتێبەکەیدا ئەوە دەڵێ کە ئەو کتێبەی نووسیوەتەوە و هیچ سەرچاوەیەکی لانەبووە جگە لە قورئان . ئەم فەرموودە ( صحيح ) ەی ئێستا باسمان کرد دەبێتە بەڵگەیەکی بەهێز لە سەر ئەوەی شەریعەتی ئیسلام تەنها قورئان نیە و بەس بەڵکو قورئان و سوننەتە پێکەوە ، ئەو کەسەی تەنها دەستی بە یەکێکیانەوە گرتوە ئەوا دەستی بەهیچێکیانەوە نەگرتووە ، چونکە هەریەك لەو دووانە فەرمان بە دەست گرتن بەوی تریانەوە دەکەن ، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ مَّنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ ﴾ ( النساء : ٨٠ ) ، واتە : هەر کەسێ گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ بکا بەڕاستی گوێڕایەڵی خوای کردووە ، وە دەفەرموێ : ﴿ فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا ﴾ ( النساء : ٦٥ ) ، واتە : بەڵام سوێند بە پەروەردگارت ئەوانە باوەڕدار نابن تا تۆ لە ناکۆکی خۆیاندا نەکەنە دادوەر وە لەپاش دادوەری تۆ لە دڵی خۆیاندا هەست بە ناڕەحەتی نەکەن وە بە تەواوی تەسلیمی تۆ بن .

وە دەفەرموێ : ﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا ﴾ ( الأحزاب : ٣٦ ) ، واتە : بۆ هیچ پیاو وژنێکی باوەڕدار ئەو ( مافە ) نیە کە هەرکاتێ خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ لە کاتێکدا حوکمێکیان کرد بۆ ئەوانیش لە کاری خۆیاندا ئیختیارێك هەبێ لە بەرامبەر فەرمانی خوادا وە هەر کەس نافەرمانی خوا و پێغەمبەری ئەو ﷺ بکا ، جا بەڕاستی لاڕێ بووە لاڕێییەکی ئاشکرا ، وە دەفەرموێ : ﴿ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا ﴾ ( الحشر : ٧ ) ، واتە : ئەوەی پێغەمبەر ﷺ بۆی هێناون و فەرمانتان پێ دەکا وەری بگرن و ئەوەی قەدەغەی کردووە لێتان مەیکەن و دوورکەونەوە لێی .

وەبە موناسەبەتی ئەم ئایەتە زۆر پێخۆشحاڵم بەوەی لە ( ابن مسعود ) ەوە رضي الله عنه سەلمێنراوە ئەویش ئەوەیە کە ئافرەتێك هاتووە بۆ لای و ووتویەتی : ئایە ئەو کەسە تۆی کە دەڵێی : " لعن الله النامصات والمتنمصات والواشمات ... " الحديث ، قال : نعم قالت : فإني قرأت كتاب الله من أوله إلى آخره ، فلم أجد فيه ما تقول : فقال لها إن كنت قرأتيه لو جدتيه ، أما قرأت : ﴿ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا ﴾ قالت : بلى : قال : فقد سمعت رسول الله يقول : " لعن الله النامصات .... " الحديث ( متفق عليه ) ، واتە : ئایا ئەوەی تۆ دەیڵێیت : نەفرەتی خوا لەو ئافرەتانەی برۆ بۆ ئافرەتانی تر هەڵدەگرن و ئەوانەی بۆیان هەڵدەگیرێ وە ئەو ئافرەتانەی خاڵ دەکوتن ... تاکو کۆتایی حەدیسەکە ، ووتی : بەڵێ ، ئافرەتەکە ووتی : من قورئانم خوێندووەتەوە بە هیچ شێوەیەك شتی وام تێدا نەدیوە ، ئەمیش پێی ووت : ئەگەر قورئانت بخوێندایەتەوە ئەوا ئەتدۆزیەوە ئایا ئەم ئایەتەت نەخوێندەوە : ﴿ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا ﴾ ووتی بەڵێ ، ئەمیش ووتی من گوێم لێ بووە پێغەمبەر ﷺ فەرموی : " لعن الله النامصات ... " الحديث .

## تەنها زانینی زمان بەس نیە
## بۆ تێگەشتن لە قورئان

لەو باسانەی پێشەوە بە ئاشکرا دەرکەوت کە هیچ کەس ناتوانی هەرچەندە زانابی لە زمانی عەرەبی و ئادابەکانیدا لە قورئانی پیرۆز تێبگا بەبێ یارمەتی سوننەتی ( گوفتاری و کرداری ) پێغەمبەر ﷺ ، هیچ کەس لەزمانی عەرەبیدا لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر ﷺ زاناتر نابی کە قورئان بە زمانی ئەوان دابەزیوە . وە لەو کاتەدا زمانی عەرەب زمان خاوکردنەوە و هەڵەی تێدا نەبوو وە قسەی عەوامی ئاوێتە نەبوو بوو لە گەڵ ئەوەشدا لە تێگەشتنی ئەو ئایەتانەی پێشودا هەڵەیان کرد لەو کاتەی تەنها پشتیان بەزمانەکەیان بەست ، کەوابوو بەڵگە نەویستە هەتاکو مرۆڤ زاناتربێ بە سوننەت . ئەوا لە قورئان و هەڵهێنجاندنی حوکمەکانی لە کابرایەکی نا شارەزا باشتر تێ دەگات چ جای یەکێك بە دەرمان بایەخ بە سوننەت نەدا و بەرنەکا بە لایەوە . بۆیە یەکێك لەو ڕێسایانەی کە زانایان لەسەری پێکهاتوون ئەوەیە

کە : قورئان بە قورئان و سوننەت [1] تەفسیر بکرێ پاشان بە قسەی هاوەڵان ... هتد .

ئالێرەوە هۆی گومڕابوونی زانایانی ئاخاوتن ( علماء الکلام ) مان بۆ دەردەکەوێ لە کۆن و تازەدا وەپێچەوانەیان لە بیروباوەڕدا بەپێشینان ( السلف ) . خوایان لێ ڕازی بێت . ئەوە هەر مەپرسە لە بابەتە فیقهییەکان ئەوەش هۆی نەناسین و دووریانە لە سوننەتەوە ، وە عەقڵ و ئارەزووەکانی خۆیان دەکەنە داوەر و بۆی دەگەڕێنەوە لە تەفسیری ئایەتەکانی سیفاتی خودا وە چەندین ئایەتی تر .

چەند بەنرخە ئەوەی لە ( شرح العقیدة الطحاویة ) دا هاتووە ( لاپەرەی : ٢١٢ ، چاپی چوارەم ) کە دەڵێ : (( چۆن کەسێ لە بنچینەکانی ئایندا قسە دەکا و لە قورئان وسوننەتەوە وەری ناگرێ بەڵکو بەقسەی فلان کەس و فیسار کەس ، ئەگەر وابداتە قەڵەم کە لە قورئان وەری گرتووە ئەوا تەفسیرەکەی لە حەدیسەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ وەرنەگرتووە ، بۆ ئەم مەبەستە نە تەماشای فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ دەکا وەنە گوێ بەقسەی هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان دەدات . ئەو فەرموودانەی کە لە ڕێگە متمانە پێکراوەکانەوە گەشتونەتە ئێمە و لە دەستی زانایانی ( الجرح والتعـــدیل ) ڕزگاریان بووە . ئەو کەڵە پیاوانە تەنها دەقی ئایەتەکانی قورئانیان بۆ ئێمە نەگەیاندووە و بەس بەڵکو وێنە و واتاکەشی ، ئەوان منداڵ ئاسا فێری قورئان نەبوونە بەڵکو واتای قورئان فێردەبوون ئەو کەسەی ڕێبازەکەی ئەوان نەگرێتە بەر ئەوا بەڕای خۆی قسە لە تەفسیری قورئاندا دەکات هەرکەسێ بە گومان و قسەی خۆی تەفسیری قورئان بکات ، وە لە قورئانەوە وەری نەگرتبێ ئەوا تاوانبارە و گوناهی دەگات ئەگەر چی پێکابێتی ، وە ئەوەی بە قورئان و سوننەت تەفسیر دەکات ئەوە پاداشت دەدرێتەوە ئەگەر بە هەڵەشدا چووبێت ، بەڵام ئەگەر پێکابێتی ئەوە پاداشتەکەی بۆ دووجار دەکرێتەوە ))

. پاشان لە ( لاپەڕە : ٢١٢ ) دا دەفەرموێ پێویستە بە تەواوی تەسلیمی پێغەمبەر ﷺ بین وە خۆمان ببەستینەوە بە فەرمانەکانیەوە ، و ئەوەی هەواڵی پێ داوین وەریان بگرین و باوەڕیان پێ بکەین بەبێ ئەوەی دژیان بوەستین بە ئەندێشە و خەیاڵاتی پڕوپوچ وە ناوی لێ بنێین ( معقول ) و شوبهە و دوودڵیمان هەبێ یان قسەی لار وخوار و ( زوباڵەی ) مێشکی خەڵکی تر پێشیان بخەین ، دەبێ تەوحیدی پێغەمبەر ﷺ بکەین بە گەڕانەوە و تەسلیم بوون و پابەند بوون وگوێڕایەڵی کردن وەکو چۆن یەکخواپەرستی ئەنجام دەدەین بۆ خوا پەرستن و مل کەچ کردن و خۆشکاندنەوە و گەڕانەوە و پاڵپشتی کردن .

کەوابو بەکورتی : لەسەر هەموو موسڵمانان پێویستە هیچ جیاوازییەك لە نێوان قورئان و سوننەتدا نەکەن لە ڕووی وەرگرتن و ئیش پێکردن و وەستانی شەریعەتی ئیسلام لەسەر هەردووکیان ، ئائەوە ( گەرەنتیە ) بۆیان کە لانەدەن بەلای ڕاست و چەپدا و بەرەوپشت نە گەڕێنەوە بە گومڕایی وەکو پێغەمبەر ﷺ بەڕوونی ئەمەی باسکردووە و دەفەرموێ : " ترکت فیکم أمرین ، لن تضلوا ما إن تمسکتم بهما کتاب الله وسنتی ولن یتفرقا حتی یردا علی الحوض " ( رواه مالـــك والحاکم موصولا بإسناد حسن ) ، واتە : دوو شتم بۆ بەجێ هێشتوون ئەگەر دەستیان پێوە بگرن ئەوا گومڕا نابن کتێبی خوا و سوننەتی من ، وە لەیەك جودا نابنەوە هەتاوەکو پێم دەگەن لەسەر حەوزی کەوسەر .

## ئاگادار کردنەوەیەکی گرنگ

دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە ئەڵێم : بەڕاستی ئەو سوننەتەی ئەم بایەخەی هەبێ لە شەریعەتی ئیسلامدا تەنها ئەو حەدیسانەیە کە سەلمێنراون لە پێغەمبەرەوە ﷺ ، بەو ڕێگە زانستی و ( ســـند ) ە ( صـــحیح ) انەی کە زانراون لای زانایانی فەرموودە و ئەوانەی ڕیوایەتی حەدیسیان کردووە . نەوەکو ئەو حەدیسانەی کە لە جۆرەها کتێبی تەفسیر

---

[1] ئێمەش ئەوە ناڵێین کە باوە لای زۆرێك لە زانایان کە قورئان تەنها بە قورئان تەفسیر بکرێ ئەگەر نەبوو پاشان بە سوننەت کە لە کۆتایی ئەم نامیلکەدا ڕونی دەکەینەوە لەو کاتەی حەدیسەکەی ( معاذ ) باس دەکەین و تیشکی دەخەینە سەر .

وفیقه و ( ترغیب وترهیب ) و ( رقائق ) و ئامۆژگاری داهەن . بەڕاستی زۆر حەدیسیان تێدایە ( ضـــعیف ) و ( منکـــر ) و ( موضوع ) ن ، وە هەندێك لەوانە ئیسلام لێیان بەریيە وەکو حەدیسی ( هـــاروت و مـــاروت ) و چیرۆکی ( الغرانیـــق ) کە نامیلکەیەکی تایبەتم نووسیوە لە بەتاڵکردنەوەی ئەم چیرۆکەدا کە ئێستا لە چاپ دراوە [٢] وە کۆمەڵێکی زۆر لەو حەدیسانەم ( تخریج ) کردووە لە کتێبی ( سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها الـــسيء في الأمـــة ) ژمارەی تا ئێستا گەیشتوتە چوار هەزار [٣] حەدیس لە نێوان ( ضـــعیف ) و ( موضـــوع ) ، تاکو ئێستا تەنها ( پێنج سەد ) یان بەچاپ گەیشتوون کەوابوو لەسەر ئەهلی عیلم پێویستە جورئەت نەکەن لە خۆیانەوە حەدیس وەرگرن تاکو دڵنیا دەبن لە ( صحيح ) بوونی حەدیسەکە ، بەتایبەت ئەوانەی ڕا وتێگەشتن وفەتواکانیان بەناو خەڵکدا بڵاودەکەنەوە ، چونکە ئەو کتێبە ( فیقهی ) یانە کە شتی لێ وەردەگرن پڕن لە چەندین حەدیسی لاواز ( ضعيف ) و ( منکـــر ) کە هیچ بنچینەیەکیان نیە وە ئەمەی دەیڵێم لای زانایان ڕوون و ئاشکرایە . پێشتر دەستم کرد بە پرۆژەیەکی گرنگ لە ڕوانگەی خۆمەوە ، کە زۆر سود بەخش دەبێ بۆ ئەوانەی خەریك و سەرقاڵی خوێندنی ( فیقه ) ن وە ناوم لێ نا ( الأحاديث الضعيفة والموضـــوعة في أمهات الكتب الفقهية ) وە مەبەستم بە ( أمهات الكتب ) ئەمانەیە :

١ . کتێبی ( الهداية ) نوسینی ( مرغيناني ) لە فیقهی حەنەفیدا .

٢ . کتێبی ( المدونة ) نوسینی ( ابن القاسم ) لە فیقهی مالکیدا .

٣ . کتێبی ( شرح الوجيز ) نوسینی ( رافعي ) لە فیقهی شافعیدا .

٤ . کتێبی (المغني) نوسینی ( ابن قدامه ) لە فیقهی حەنبەلیدا .

٥ . کتێبی ( بداية المجتهد ) نوسینی ( ابن رشد ) ی ئەندەلوسی لە فیقهی بەراورد ( المقارن ) دا .

بەڵام بەداخەوە بۆم نەرەخسا تەواوی بکەم ، چونکە گۆڤاری ( الوعي الإسلامي ) کوێتی کە گفت وپەیمانی دابوو بە بڵاوکردنەوەی وە پێشتر پێخۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە دەربڕی بەڵام لە کاتێکدا بەردەستیان خرا پەیمانەکەیان بەجێ نەهێنا و بڵاویان نەکردەوە .

هەرچەندە ئەوەم لە دەست چوو بەڵکو خوا یارمەتی دام لە کات و شوێنێکی تردا . ئەگەر خودا ویستی لە سەربێ - مەنهەجێکی زانستی تیروتەسەل وپوختم دانا بۆ ئەو برایانەم کەسەر قاڵی ( فیقـــه ) ن ، بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات بۆ تێگەشتن و ڕێگەیان بۆ ئاسان بکات بۆ زانینی پلەی حەدیسەکان ، بە هۆی گەڕانەوەیان بۆ سەرچاوەکانی فەرمودە ، ئەوانەی پێویستە بگەڕێنەوە بۆی ، وە بۆ ڕونکردنەوەی باشترین و پوختە ترین کتێبی حەدیس وە ئەوانەی کە دەشێ پشتی پێ ببەسترێ ومتمانەی بکرێتە سەر ، خوای گەورەش یارمەتی دەرە .

## لاوازی ( ضعف ) و نابەجێیی حەدیسەکەی ( معاذ )

پێش ئەوەی ووتارەکەم کۆتای پێ بێنم وا دەزانم پێویستە سەرنجی ئەم برایانەی کە ئامادەبوون ڕابکێشم بۆ لای حەدیسێکی زۆر باو کە کەم کتێب لە کتێبەکانی ( ئوصولی فیقە ) ئەو حەدیسەی تێدا نەبێ ، ئەمەش لەبەر لاوازی ئەو حەدیسە لە ڕووی ( سند ) ەوە ، وە لە بەر دژایەتی کردنی لەگەڵ ئەوەی باسمان کرد کە جیاوازی نەخرێتە نێوان قورئان و سوننەتەوە لە ئیش پێکردندا وە پێویستە ئیش بە هەردووکیان بکەین پێکەوە ، ئەو حەدیسەش حەدیسی ( معاذ ) ی کوڕی ( جبل ) ە ﵁ : " أن النبي ﷺ قال له حين أرسله إلى اليمن : بم تحكم ؟ قال : بكتاب الله ، قال : فإن لم تجد ؟ قـــال : بـــسنة رسول الله ، قال : فإن لم تجد ؟ قال : أجتهد رأيي ولا آلو قال : الحمد لله الذي وفق رسول رسول الله لما يحب رسول الله " .

---

[٢] بەناوی ( نصب المجانيق في نسف قصة الغرانيق ) چاپەمەنی ( المكتب الإسلامي ) .

[٣] بەڵام ئێستا پێنج هەزار تێپەڕیوە بەشكو خودا لە چاپدانی ئاسان بکات .

واته پێغەمبەر ﷺ ئەو کاتەی ناردوویەتی بۆ یەمەن پێی فەرموو : ئایا بەچی حوکم دەکەی ؟ ئەویش وتوویەتی : بە قورئان حوکم دەکەم ، پێی فەرموو : ئەگەر لە قورئاندا نەتبینییەوە ؟ ئەویش وتوویەتی : بەسوننەت حوکم دەکەم ، ئەنجا پێی فەرموو : ئەگەر لە سوننەتدا نەبوو ؟ وتوویەتی : بەڕای خۆم ئیجتیهاد دەکەم وە بە دوای شتی تردا ناگەڕێم ، فەرموویەتی : سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایە کە یارمەتی نێرراوەکەی پێغەمبەری خودای دا بۆ سەر ئەوەی کە پێغەمبەری خودا پێی خۆشە .

وە باسکردنی لاوازی ( سند ) ی حەدیسەکە ئێستا کاتمان بەدەستەوە نیە بۆ ڕونکردنەوەی ، بەڵام بزانن بەتێر و تەسەلی لە کتێبی ( السلسلة الضعيفة ) دا [٤] ڕوونم کردووەتەوە کە لەوە دەچێ لە زنجیرەی پێشودا بەو شێوەیە ڕوننەکرابێتەوە ، لێرەدا ئەوەندە بەسە کە بڵێم ( أمير المؤمنين ) لە عیلمی حەدیسدا کە ئیمامی بوخاریە دەربارەی ئەم حەدیسە وتوویەتی ( حديث منكر ) دوای ئەمە دەتوانم بچمە سەر ڕونکردنەوەی ئەو دژایەتی ( تعارض ) ەی کە هەیەتی بۆیە ئەڵێم : ئەم حەدیسەی ( معاذ ) مەنهەجێکی وا دەخاتە بەردەستی ( حاكم ) لە ( حوکم ) کردندا کە بریتی بێ لە سێ قۆناغ کە دروست نیە فەرمانڕەوا حوکم بە ( رأي ) بکا مەگەر دوای ئەوەی حوکمەکە لە سوننەتدا نە دۆزێتەوە ، وە دروست نیە حوکم بە سونەت بکات مەگەر لە قورئاندا نەی دۆزێتەوە .

بۆیە یەکەمیان کە ( رأي ) ە مەنهەجێکی تەواوە لای هەموو زانایان وە وتوویانە ئەگەر ( أثر ) هەبوو ئەوا ( رأي ) بەتاڵە و وەرناگیرێ . بەڵام بەنیسبەت سوننەتەوە قسەیەکی ناتەواوە و ڕاست نیە ، چونکە سوننەت ( حاكم ) ی قورئانە و ڕونکەرەوەیە بۆی ، پێویستە لە سوننەتدا بگەڕێی بۆ دۆزینەوەی ( حوکم ) ئەگەر گومانت هەبوو ئەو ( حوکم ) ە لە قورئانیشدا هەیە لەبەر هەموو ئەوانەی پێشتر باسمان کرد ، سوننەت لە گەڵ قورئاندا وەکو ( رأي ) نیە لەگەڵ سوننەتدا ، وانیە و ئەنجا وانیە ، بەڵکو پێویستە قورئان و سوننەت بە یەك سەرچاوە دابنرێت وە بە هیچ شێوازێك جیاوازی نەخرێتە نێوانیانەوە ، وەکو پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی بۆ ئەم مەبەستە کردووە کە دەفەرموێ : " ألا إني أوتيت القرآن ومثله معه " ، واتە : سوننەت .

وە فەرموودەی : " لن يتفرقا حتى يردا علي الحوض " ، ئەو دابەشکردنە کە لە حەدیسەکەی ( معاذ ) دا باس کراوە بە درۆوە دەخات و ناڕاستی دەردەخات ، چونکە ئەوە دەگەیەنێ کە لە یەك جیابکرێنەوە ، ئەمەش قسەیەکی ناڕەوا و بەتاڵە ، وەکو ڕونکرایەوە .

ئەمە بوو ویستم ئاگادارتان بکەمەوە لێی ، ئەگەر پێکابێتم ئەوا لە خوداوەیە ، وە ئەگەر بە هەڵەدا ڕۆیشتبم ئەوا لە لایەن خۆمەوەیە ، تەنها داوا لە خودا دەکەم ئێمە وئێوەش بپارێزی لە هەڵە و ئەوانەی خودا لێی ڕازی نابێ .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

٢٣ ی / شوال / ١٤١٨ ك

کەلار

==========================

www.ba8.org

[٤] ( السلسلة الضعيفة ، برقم : ٨٨٥ ) .